# مێژووی شارۆچکەی باوەنوور لەنێوان سالأنی ١٩١٨ - ١٩٩٢

ق/ عومەر فەرەج مەحموود
زانكويا زاخو/ فاكولتيا زانستێن مروڤايەتی/ پشكا مێژوو

- **شوێنی جوگرافی و سنووری كارگێڕی**

**- شوێنی جوگرافی باوەنوور**

بریتیە لەو ڕووبەرەی كە شاری لەسەر بنیاد دەنرێت، واتە بۆ سنووری شار دەگەڕێتەوە، سەبارەت بە شارۆچكەی باوەنوور ئەم ناوچەیە وەك ناوچەكانی تر خاوەن پێگە و ڕووبەرێكی تایبەتە، كە دەكەوێتە نێوان بازنەی پانی (٢٥،٣٤) و (٣١،٣٢) هەروەها هێڵی درێژی (٤٧،٤٥) و (٥٤،٤٥)ـەوە، وە شوێنی ناوچەكە بەپێی نەخشەی جوگرافیا و هەڵكەوتووی جوگرافیاكەی دەكەوێتە باشووری خۆرهەلاتی هەرێمی كوردستان، واتە بەگشتی دەكەوێتە ناوچەی نیمچە شاخاوی(١).

ئەم شارۆچكەیە لە باكووری ڕۆژهەلاتەوە هاوسنوورە لەگەڵ شاری دەربەندیخان و شارۆچكەی مەیدان وە نزیكەی (٣٥ كم) لە ناوەندی شاری دەربەندیخان دوورە. وە هەروەها لە باكووری خۆرئاواشەوە هاوسنوورە لەگەڵ شارۆچكەی سەنگاو و لەگەڵ پارێزگای كەركووك وە نزیكەی (١٦٠ كم) لە ناوەندی پارێزگاكەوە دوورە كە پێشتر لەڕووی بەڕێوەرایەتیەوە سەر بەم پارێزگایە بوو(٢). وە هەروەها (١٢٠ كم) لە ناوەندی پارێزگای سلێمانیەوە دوورە كە ئێستا سەر بەم پارێزگایەیە لەڕووی بەڕێوەبردنەوە، وە لە باشووری خۆرهەلاتەوە هاوسنوورە لەگەڵ قەزای كەلار و (٣٠)كم لە ناوەندی ئەم قەزایەوە دوورە. بەهۆی سیروانەوە كە زەویەكانی ئەو بەری ئەم ڕووبارە سەر بە قەزای خانەقینە هاوسنوورە لەگەڵ ئەم قەزایەدا و دەكەوێتە باشووری خۆرهەلاتیەوە. هەروەها لە باشووری خۆرئاوایشەوە هاوسنوورە لەگەڵ قەزای كفری نزیكەی (٧٠)كم لە ناوەندی ئەم قەزایەوە دوورە(٣).

بەرزی ناوچەی باوەنوور لە ئاستی ڕووی دەریاوە بە تێكرا دەگاتە (٣١١,٣)م واتە لە ناوچەیەكی نیمچە شاخاوی كەندەلاندا هەڵكەوتووە، ئەگەر سەرنجێكی جوگرافیایانەی شوێن و پێگەی باوەنوور بدەین دەبینین ئەم شارۆچكەیە لە ڕووی فراوان بوونەوە تارادەیەك كەم فراوان بووە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خاكی ئەم ناوچەیە كە بەرزی و نزمی زۆری تێدایە، ئەمەش بووەتە بەربەستێك لەبەردەم فراوان بوونی. وە دەكەوێتە سەر ئاوی ڕووباری (سیروان) كە ئەمەش هەڵكەوتویەكی گرنگی داوەتە ئەم ناوچەیە، بەهۆی ئەمەشەوە بەو جێگانە لەقەڵەم نادرێت كە بە ناوچەی ووشك ناودەبرێن(٤).

## ـ سنووری کارگێڕی

شارۆچکەی باوەنوور لەسەرەتای بەناحیەبوونیەوە واتە لەسەرەتای درووست بونیەوە سنورێکی ئیداری فراوانی هەبوو، لەڕووی سنووری کارگێڕیەوە شارۆچکەی باوەنوور تا ساڵی ٢٠٠٤ سنورێکی کارگێڕی فراوانی هەبوو بەڵام لەدوای ئەم ساڵەوە سنووری کارگێری ئەم شارۆچکەیە بچووک کرایەوە ئەویش بەهۆی درووست بوونی شارۆچکەیەکی تر لەم ناوچەیە بەناوی (شێخ تەویل) کە لە ئێستادا دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای ئەم شارۆچکەیەوە، پێشتر باوەنوور نزیکەی (٧٠) گوندی لەسەر بوو، بەڵام دوایی نزیکەی (٤٠) گوندی خرایەسەر شارۆچکەی (شێخ تەویل) و لە ئێستادا نزیکەی (٣٢) گوند سەر بە شارۆچکەی باوەنوورە(٥).

## ـ ڕووبەری شارۆچکەی باوەنوور

ڕووبەری ئەم شارۆچکەیە زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە ئەویش بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر یەکە کارگێڕیەکانی پارێزگای کەرکووک دا هاتووە. شایانی باسە ڕووبەری ئەم ناحیەیە لە ساڵی (١٩٧٧)دا (٩٢٥)کم٢ بووە، هەروەها لە ساڵی (١٩٨٧)دا ڕووبەرەکەی گەیشتووەتە (٩٩٢)کم٢، دەتوانین ئەم جیاوازیە لەڕووی ڕووبەری ناوچەکە بگێڕینەوە بۆ وێرانکردنی گوندەکان و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی و نیشتەجێبوونیان لە ئوردوگا زۆرەملێکاندا(٦).



مەزارێ باوەنوور

هەروەها لە ساڵی (١٩٥٧) دا ڕووبەری ئەم ناحیە گەیشتووەتە (١٣١٨کم٢) (٧)، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩) ڕووبەری ناحیەکە گەیشتووەتە نزیکەی (٣٣٠٤٥٨) دۆنم کە دەکاتە (٨٢٦,١٤٥)کم٢ و ڕووبەری سنووری شارەوانی ناحیەکەش (١٨٦٣) دۆنمە کە دەگاتە (٤,٦٥٨) کم٣ (٨).

- **ناوی باوەنوور**

ئەم شارۆچکەیە خاوەن دوو ناوە کە هەریەکەیان چەند بۆچوونێک لەسەر هاتنی ناویان هاتووە ئەوانیش (باوەنور و پیبازە)(٩).

## ١ـ چۆنیەتی هاتنی ناوی (باوەنور):

باوەنوور/ ناوی ئیمام زادەیەکی شوێنکەوتووانی (ئەهلی حەقە)(١٠) و ناوی شارۆچکەکە لەو کەسایەتیەوە هاتووە، کە گۆڕەکەی لە پشتی شارۆچکەکەوە وەک (مەزارگەیەک) وایە و ئەم کەسایەتیەش وەک (باوەسور، باوەمحمود، باوەشاسوار) کەسایەتیەکی ئاینی پیرۆزە،

بەڵام تا ئێستا نازانرێت مێژووی ناشتنی گۆڕەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەی ، و (مامۆستا سەلاح) کە ناسراوە بە (سەلاح پەرلەمان) کە کەسایەتیەکی دیاری ناوچەی گەرمیانە و چەند لێکۆڵینەوەیەکی وردی لەسەر ئەم مەزارگانە کردووە دەڵێت "دەتوانم بڵێم کە کەسایەتی باوەنوور کەسایەتیەکی ئاینی (کاکەیی یان ئەهلی حەقە) لەبەرئەوەی وشەی (باوە) لەناو ئاینی کاکەیدا پلەیەکی ئاینی بەرزی هەیە"(١١) .

## ٢ـ پێباز :

وشەی (پێباز) زیاتر ناوێکی ئیداریە و دوای بەناحیەبوونی ئەم شارۆچکەیە ئەم ناوەی پێوە لکێنرا کە رووبەرێکی فراوانی زەوی ئەم ناوچەیە دەگرێتەوە و بەهەموویەوە پێی دەوترێت (پێباز یان پێواز) و چەند بۆچوونێک هەیە لەسەر هاتنی ئەم ناوەوە(١٢) :ـ

اـ بۆچوونی یەکەم/ وشەیەکی لێکدراوە لە وشەی (پێ ـ باز)، (پێ) بە واتای (قدم)، و (باز یان واز) بەواتای (کراوە) بە عەرەبیش واتە (موگی) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جێی پێی ڕاگوزەری خێڵانی (جاف) لە گەرمیان و کوێستان کە بەم ناوچەیەدا ڕەت دەبوون، کە بریتی بوون لە خێڵەکانی (ڕوغزای، شاتری، هارونی، تەرخانی ، گەلاڵی، باشکی و ... هتد)(١٣).

ب ـ بۆچوونی دووەم/ هەردوو نووسەر (محمد هادی دەفتەر و عبدالله حسن) کە لە ساڵی ١٩٥٥ز هاتوونەتە دەڤەری پێباز کۆکن لەسەر ئەوەی کە ناوی (پێباز) لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەو ڕێگەیەی بەوێدا تێپەڕیبووە زۆر هەڵە تووشی کەندەلان و زەحمەت بووە بۆیە ئەو دەڤەرە ناونراوە (پێباز)(١٤) .

ج ـ بۆچوونی سێیەم/ (ڕەنجە باوەنووری) کە یەکێکە لە ڕۆشنبیرانی ناوچەکە سەبارەت بە ناوی پێباز دەڵێت " ڕەنگە ناوەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە گوایە کاتی خۆی پیازێکی زۆر لەم ناوچەیەدا چێنراوە ناویان ناوە (پێواز) و زۆرجار لە زمانی کوردیشدا پیتی (و) لە جیاتی پیتی (ب) دێت" وە هەروەها دەڵێت "لە کۆندا جۆرە گیایەک لە وەرزی بەهار لەم ناوچەیەدا دەردەچوو کە لە شێوەی (پێی باز) دەچوو پێدەچێت وشەی (پێباز) لەوەوە درووست بووبێت"(١٥) .

دـ بۆچوونی چوارەم/ بۆچوونی (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی) لەسەر بنەڕەتی ناوەکە دەڵێت "بنەڕەتی ناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەر (بهواز) کە لەو باوەڕەدایە یەکێکە لە فەرمانڕەوا کۆنەکانی ناوچەکە، بەلام بەپێی تێپەڕبوونی ڕۆژگار بووە بە (پێباز)"(١٦) .

ە ـ بۆچوونی پێنجەم/ یەکێکی تر لەو بۆچوونانەی کە سەبارەت بە هاتنی ناوی (پێباز) هەیە بۆچوونی (سالار کەمال مستەفا)یە کە یەکێکە لە گەورە بەتەمەنەکانی ناوچەکە و دوو بۆچوونی جیاوازی هەیە لەسەر چۆنێتی هاتنی ناوی (پێباز) ، یەکەمیان ئەوەیە کە دەڵێت "لە کۆندا ڕووباری سیروان لە ناوچەکەدا چەند جۆگەوازێکی لێبووەتەوە ئەمەش پەڕینەوەی لەم ڕووبارە ئاسان کردبوو، خەڵک بە (پێی باز) لە ڕووبارەکە پەڕیونەتەوە و ئەم (پێی باز) ـەش بووەتە ناوی ناوچەکە". هەروەها بۆچوونی دووەمیشی دەڵێت "لەسەرەتادا ناحیەکە بڕیار وابوو لە بانی پێواز (بانی خان) کە گوندێکی سەر بە ناحیەکە بوو درووست بکرێت، بەلام

لەلایەن خەڵکی گوندەکەوە ڕێگەنەدراوە بە دروستکردنی ناحیەکە لەبەرئەوە ئەو ناوچە واتە (بانی پێواز) لە ناوی ناحیەکە نرا"(١٧) .

- **مێژووی دروستبوونی شارۆچکەی باوەنوور**

**- باوەنوور پێش دامەزراندنی**

باوەنوور پێش دامەزراندنی جێگەی (ئاران) بووە، واتە جێگەی نیشتەجێبوونی ئەو هۆزە کۆچەرانە بوو کە گەرمیان و کوێستانیان کردووە، وە هەروەها بە پێی سەرچاوە مێژوویەکان باوەنوور جێگەی (ئێلی جاف)ی کۆچەر بووە بە هەموو تایفەکانیەوە وە لەم ناوچەیەدا دابەزیووە وەک هۆزەکانی (ڕۆغرایی، هارونی، سۆفیوەنی، شاتری، پالانی، تایشەیی) و ئەم تایفانەش بە بەخێوکردنی مەڕ و مالاتەوە خەریک بوون، و هەروەها ئەو ژێر خاکیانەی کە لەم ناوچەیەدا دۆزراونەتەوە گەواهی ئەوە دەدەن کە پێشتر لەم ناوچەیەدا ژیان هەبووە و ئاوەدانی بووە، و سەردەمەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ (ساسانی، ئاشووری، لۆلۆیی، سۆمەری، ئەکەدی)(١٨) .

بە تایبەت ئەو گۆڕانەی کە لە ساڵی ١٩٩٨ و ساڵانی دواتر لە لایەن خەڵکی باوەنوورەوە لە ناوچەکە دۆزراونەتەوە کە ئەم گۆڕانە بە گۆڕی (گاور) ناسراوە، واتە نا موسڵمانن بەڵام ئەمانە باوەڕیان بە ژیانی دوای مردن هەبووە، چونکە لە ناو گۆڕەکەیاندا زێڕ و سەروەتێکی زۆریان لەگەڵیاندا ناشتووە، و لەو ماوەیەدا خەڵکی ناوچەکە بەشێوەیەکی نایاسایی ئەو گۆڕانەیان دەردەهێنا و سەروەتەکەیان بە تالان دەبرد کە دواتر لە لایەن دەسەلاتەوە ئەم کارە قەدەغە کرا و نەیان هێشت کەس ئەو گۆڕانە هەڵکەنێت(١٩)، کە مێژووی ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ (٩١١_ ٣٠٠) پ.ز ، جگە لەمانەش شارۆچکەی باوەنوور لە کاتی عوسمانیەکاندا سەنتەری چاودێریکردن بووە لەگەڵ فارسە سەفەویەکاندا، کە لەو سەردەمەدا ململانێیەکی زۆر لە نێوانیاندا هەبوو، قەڵایەکی گەورە لەم ناوچەیەدا هەبوو تا لە حەفتاکانی سەدەی پێشوو لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ڕووخێنرا، جێگەی ئەو قەڵایەش لەو شوێنەدا بوو کە ئێستا بە (بانی مەرکەز) ناسراوە(٢٠) .



**- دامەزراندنی باوەنوور**

شارۆچکەی باوەنوور لەنێوان ساڵانی (١٩١٠- ١٩٢٠) سەرەتا وەک گوند لەلایەن چەند ماڵێکەوە ئاوەدان کراوەتەوە کە بەناوبانگترینیان (کەریم محەمەد ئەحمەد ئیسماعیل) کە ناسراوە بە (حاجی کەریمی خاڵی) و (سەبری مستەفا عەبدوڵا پاشا) کە ناسراوە بە

( سەبری بەگ) بوون، کە لە سەرەتای درووست کردنیەوە تەنها (٦ تا ٧) ماڵی تێدابوو(٢١) .
سەرەتا لە پێگە ئیداریەکانی عێراقدا لە ساڵی ١٩٢٢ سەر بە شارۆچکەی (وارماوا) ی سلێمانی بوو تا لە ساڵی ١٩٣٧ کراوە بە شارۆچکەیەکی سەربەخۆ، یەکەم بەڕێوبەری شارۆچکەی باوەنوور (ڕەشید عاکیف) بوو، کە لە گوندی (ڕەندی عەلی خان) دەست بەکاربوو، چونکە لەو کاتەدا تەنها ئەو گوندە بنکەی پۆلیسی تێدابوو.
ئەم شارۆچکەیە یەکێکە لە کۆنترین شارۆچکەکانی کوردستان کە یەکێک لەو گەڕیدانەی لە ساڵی ١٩٥٥ دا بە شارۆچکەکەدا تێپەڕیووە دەڵێت" جگە لە ئالآی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی شارۆچکەکە و قوتابخانەیەک و پەیوەستکردنی هێڵی تەلەفون هیچ شتێکی ترم تێدا نەبینیووە"(٢٢) .
لە سەردەمی قیرتاوکردنی ڕێگەی (جەلاولا- دەربەندیخان) لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان هاتنی کۆمپانیای (بولگاری و ئینگلیزی و ئەمریکی) و بوونی ئیداری کەمپ و شەریکەی ئەم کۆمپانیانە ئەم شارۆچکەیان لە ڕووی ئیداریەوە برێک گەشە پێکرد، بەلآم زۆری نەخایاند بەهۆی خێرایی کۆتایی هاتنی پرۆژەکان و هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئازادیخوازی گەلی کورد (ئەیلول) کە دژ بە ڕژێمی ئەو کاتەی عێراق بوو جارێکی تر دوواکەوتن و نەهامەتی ڕووی کردەوە ئەم شارۆچکەیە(٢٣) .

### - بەڕیوەبردنی شارۆچکەی باوەنوور

بەڕێوبەری لەلایەن سیستەمە دەسەلآتیە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقەوە دادەنرا، کە ناتوانین بەشێوەی ساڵ دیاری بکەین چونکە دەستەلآتی عێراقی بە پێی بەرژەوەندی خۆی بەڕێوبەری دادەنا و لایدەبرد(٢٤). ئەوەی شایانی باسە لە دوای (ڕەشید عاکیف) کە یەکەم بەڕێوەبەری ئەم شارۆچکەیە بوو چەند کەسێکی تر یەک لەدوای یەک بوون بە بەڕێوبەری ئەم شارۆچکەیە کە ئەمانەن (سورقاد تاڵەبانی ، حسێن جوندی، عەلی جبووری، مەحموود ئەحمەد، ئەحمەد محەمەد، بورهانەدین عەبدولقادر، عادل موراد، ئەفراسیاب ئەحمەد) کە ئەمانە یەک لەدوای یەک بەڕێوەبەرایەتی ئەم شارۆچکەیان گرتووەتە دەست(٢٥) .

### • شوێنەوارە مێژوویيەکانی ناوچەکە

ئەم ناوچەیە بێبەش نیە لەڕووی بوونی شوێنەواری مێژووییەوە، جگە لەو ژێر خاکیانەی کە لە ناوچەکەدا دۆزراونەتەوە چەند شوێنەوارێکی تری تێدایە کە جێگەی داخە زۆربەی ئەو شوێنەوارانە کاولکراوون و زەرەر و زیانێکی زۆریان پێگەیشتووە و زۆرێکیان هەر لە ناوبراون و ئاسەوارێکی کەمی ماوە، کە گرنگترینیان (قولەکانە)(٢٦) .

### - قولەکان :

ئەوەی بە ڕێگەی (کەلار-پێباز-دەربەندیخان) دا گەشت بکات سەرنجی دەچێتە سەر ئەو قوولانەی کە لە لادێی (بەردەسوور)ـەوە دەست پێدەکات تاکو نزیک دەورە لمی (قەترە)، ئەم

قوولانە بەشێوەیەکی هەندەسی جوان لە بەرد و قسڵ بەشێوەی خڕ و لوولەکی درووستکراون کە لە دوو نهۆم پێکهاتووە و ئەم قوولانەش لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بەمەبەستی چاودێریکردن درووست کراون. ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەم قولانە تەمەنیان نزیکەی (١٢٠) ساڵ دەبێت، و بەڵام ئەوەی جێگەی داخە سەرچاوە شوێنەواریەکان لە گەشت و تۆمارەکانیاندا ئاماژەیەکی ئەووتۆیان بۆ نەکردووە و ئاوریان لێنەداوەتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەم شوێنەوارانە بێبایەخن، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە یەکێک لە جێگا گرنگ و بە بایەخە شوێنەواری و گەشتیاریەکان دادەنرێت کە سیمای ڕەسەنایەتی ناوچەکە و بەڵگەی زیندوو هەردوو زلهێزی دەوڵەتی ئێرانی قاجاری و دەوڵەتی عوسمانیە کە چەندین جار شەڕ لەنێوانیاندا ڕوویداوە و گۆڕەپانەکەشیان کوردستان بووە و هەمیشە وێرانیان کردووە(٢٧) .

## • بەشداریکردنی خەڵکی باوەنوور لە شۆڕشە کوردیەکان

- بەشداریکردنی شارۆچکەی باوەنوور لە شۆڕشی ئەیلوول

شۆڕشی ئەیلوول یەکێکە لەو شۆڕشانەی کە دەتوانین بڵێین زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستانی گرتەوە و یەکێکە لە شۆڕشە هەرە گەورەکانی کورد بە سەرکردایەتی (مەلا مستەفا) کە لە ١١ ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ دژی حکوومەتی عێراقی کە لەو سەردەمەدا (عبدالکریم قاسم) سەرۆکی بوو. هۆکاری ئەم سەرهەڵدانە زۆر بوون بەڵام گرنگترینیان پشت لێکردنی حکوومەتی عێراقی بوو لە هەموو ئەو بەڵێنانەی کە بە کورد درابوو بەڵام جێبەجێ نەکرا. ناوچەی گەرمیانیش وەک هەموو ناوچەکانی تری کوردستان بە زووترین کات و هەر لە ساڵی ١٩٦١ چیای (بەمۆ) یان کردە بنکەی شۆڕش و هەموو هێزەکانیان لەوێ نیشتەجێ کرد. سەرەتای سەرهەڵدان لە گەرمیان بە گرتنی تونێلی دەربەندیخان دەستیپێکرد کە ڕێگەی سەرەکی هێزە عێراقیەکان بوو بۆ سەرکووتکردنی شۆڕش، و ئەم شۆڕشە هێندە مەزن بوو کە هەموو شار و شارۆچکەکان و تەنانەت گوندەکانی کوردستانیشی گرتەوە(٢٨) .

شارۆچکەی باوەنووریش وەک هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە چاو پێگە و بچووکی خۆی بەشداریەکی بەرچاوی هەبوو لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول ئەویش بە بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە، و هەروەها چەند کەسێک لە خەڵکی ناوچەکە پلەی سەربازی باشیان هەبوو لەناو شۆڕشەکەدا و دەتوانین ئاماژە بە سێ کەسی ناسراوی ئەم ناوچەیە بکەین کە لەو سەردەمەدا لە شۆڕشی ئەیلوولدا پلەی سەربازیان هەبوو و کاریگەری گەورەیان هەبوو لەسەر ڕاکێشانی خەڵکی ناوچەکە بۆ ناو شۆڕش، کە ئەوانیش ئەمانەن (عەبدولڕەحمان دەروێش فەتاح، تاهیر مەحموود، مەحموود محەمەد ناسر)(٢٩) . ئەمانە لە شۆڕشەکەدا پلەی سەرپەلیان هەبووە و هەر پەلێکیش زیاتر لە سەد کەس بوون و زۆربەی پێشمەرگەکانی ئەم سێ پەلە خەڵکی باوەنوور بوون، و هەروەها چیای بەمۆ لە کاتی شۆڕش کرا بە سێ بەشەوە لە لایەن شۆڕگێرانەوە کە ئەو سێ ناوچەیەش (دەربەند بێلوولە، ناوچەی باریکە نزیک قۆرەتوو، لووتکەی چیای بەمۆ) بوون، کە ئەم سێ ناوچەیە بەردەوام لە پەیوەندیدا بوون و لەکاتی پێویست واتە لە هەر بەرەیەکیان شەڕ ڕوویبدایە لەلایەن ناوچەکانی

ترەوە هاریکاری سەربازیان بۆ دەهات، و ئەو سێ پەلەی کە لەلایەن پلە دارانی باوەنوورەوە سەرپەرشتی دەکران بنکەیان (دەربەند بێلوولە) بوو(٣٠) .

**ـ لایەنی بەڕێوەبردن و هاوکاری شۆڕش:**

لایەنی ئابووری شۆڕش وەک هەموو شۆڕشەکانی گەلی کورد شۆڕگێران بە شێوەیەکی خۆبەخشانە بە کارەکانی خۆیان هەڵدەستان و زیاتر لایەنی نیشتمانپەروەری وای لێدەکردن ناخۆشی ژیان هەڵبژێرن، و ئەم شۆڕشگێڕانە ئەوەشیان سەلماند کە خۆشی ژیان تەنیا لە شارەکاندا نیە، بەڵکو ئەمانە چیایان کردبووە شار بۆ خۆیان(٣١) ، وە بێ وەرگرتنی هیچ مووچەیەکی ڕەسمی بە کاری شۆڕش کردن هەڵدەستان، وە ئەمانە سێ مانگ جارێک (٥) دیناری عێراقیان وەردەگرت کە هیچ پەیوەندی بە پلەی سەربازیەوە نەبوو، و وەک خۆیان ئاماژەی پێدەکەن ئەم (٥) دینارە تەنها بۆ کرینی جل و بەرگی سەربازی و پێڵاو بووە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ڕژێمی ئەو کاتەی عێراق زوڵم و زۆری کردووە لە نەتەوە جیاوازەکانی عێراق (واتە نا عەرەب)(٣٢)، و دەتوانین لایەنی هاوکاری شۆڕشگێڕان بکەین بە دوو بەشەوە:

یەکەم: پێداویستی و مانگانەی شۆڕش:ـ ئەمانە چەند مانگ جارێک هەندێک پارەی کەمیان وەردەگرت کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، و لەو چاوپێکەوتنانەی کە ئەنجامدران دەرکەوت کە ئەم برە پارەیە هەندێک جار لە دەستکەوتی شەڕەکان بەدەست دەهات کە ناوچەیەکیان لە ژێر دەسەلاتی عێراقی دەسەندەوە دەسکەوتەکانیان بەشێوەیەکی یەکسان دابەش دەکرد، وە هەروەها ئەوەشمان بۆ دەرکەوت کە ئەم شۆڕشە تەنها چینی هەژار و دەستکوورتی نەگرتبووەوە بەڵکو ئەوانەش کە دەوڵەمەند بوون چ لە ڕێگەی سەرمایەکانیان بێت یان بەڕێگەی سەربازی هاوکاری شۆڕشـــیان کردووە.بەشێکی ئەم پارەیە لە لایەن ئەو دەوڵەمەندانەوە دابین دەکرا(٣٣) .

دووەم: ئازووقە و جێگای نووستن: شۆڕشگێڕان ماوەی (١٥) ساڵ، واتە لە ساڵی ١٩٦١ تا ساڵی ١٩٧٦ شۆڕشی ئەیلوولیان بەردەوام کرد، بێشک پێویستیان بە ئازووقە و خواردن و جێگای نووستن دەبێت، شۆڕشگێڕان بۆ بەدەستهێنانی ئازووقەی خۆیان پشتیان بە خەڵکی ئەو ناوچەیە بەستبوو کە لە ژێر دەسەلاتی خۆیان بوو، بۆنموونە زەکاتیان لە خەڵکی ناوچەکە وەردەگرت و هەروەها خەڵکی ناوچەکەش خێراتی خۆیان بەشۆڕش دەدا بۆ ئەوەی بتوانن ژیان لە چیا بەردەوام بکەن، و بۆ نووستنیش شەوانە زیاتر لە نیوەیان لەو گوند و ناحیەیانەی کە لە ناوچەکەدا بوون دابەش دەکران لە ماڵی ئەوانەی کە دڵنیا بوون لێیان، ئەوانەشی کە لە چیا دەمانەوە لە ئەشکەوتەکانی چیا کە مەڵبەندی شۆڕش بوو دەنووستن(٣٤) .

ئەوەی شایانی باسە و نابێت لە بیر بکرێت ڕۆڵی ژنە لە شۆڕشەکەدا کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی خۆیان گێڕا لەم شۆڕشەدا، وەک لە مێژووی گەلی کورد کە هەمیشە ژن شان بە شانی پیاو کاری کردووە ئەم جارەشیان ژن هاوکاریەکی باشی پیاوانی کردووە لە شۆڕشدا، بۆیە دەڵێین ناڕاستەوخۆ چونکە ژن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەیتووانیووە چەک هەڵبگرێت و بچێتە بەرەکانی شەڕەوە، بەڵکو لە ماڵەوە دەیانتوانی خزمەتی باشتر بکەن

بەوەی کە هەمیشە شووشتنی جل و بەرگی شۆڕشگێران و ئامادەکردنی خواردن لە ئەستۆی ژنان بوو، وە هەروەها ئامادەکردنی جێگەی نووستن لە کاتی دابەش بوونی شۆڕشگێران لە ماڵەکاندا هەمووی لەسەر شانی ژنانی کورد بوو لە ناوچەکەدا(٣٥).

ئەم هۆکارانە و زۆر هۆکاری تر وایکرد کە ماوەی (١٥) ساڵی ڕەبەق شۆڕگێران لەسەر چیا خۆڕاگرانە بەرگری لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد بکەن و دژی دوژمن بجەنگن و دەسکەوتی باشیشیان هەبوو لە ماوەی ئەم (١٥) ساڵەدا، بەڵام ئەوەی ئەم شۆڕشەی بەرەو نەمان برد چەند هۆکارێکی گەورە بوون، لێرەدا بە پێی بۆچوونی خەڵکی ناوچەکە دەتوانین ئاماژە بە دوو خاڵی گرنگ بدەین بۆ لە ناوچوونی شۆڕشەکە:

أ_ لەم شۆڕشەدا هەمیشە و هەر لە سەرەتای شۆڕش، شۆڕشگێران بەرامبەر دوو بەرە دەجەنگین، یەکێکیان ڕژێمی سەرکوتکەری عێراق بوو، و ئەوی تریان جیابوونەوەی بەرەی (جەلالیەکان) بوو کە هەر لە ساڵی ١٩٦٣ جیابوونەوە و دژایەتی ئەم شۆڕشەیان دەکرد، و لە ساڵی ١٩٦٦ چوونە پاڵ حکوومەتی عێراقی و لەلایەن شۆڕشگێرانەوە بە (جاش) ناسران کە لەماوەی ئەو ساڵانەدا هەمیش دژی شۆرش دەجەنگین کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر شۆڕشگێران(٣٦).

ب_ ڕێکەوتننامەی جەزائیر کە لە ساڵی ١٩٧٥ لە نێوان ڕژێمی بەعسی عێراق و ڕژێمی شای ئێران بەسترا خاڵی تواندنەوەی شۆڕشەکە بوو، و لێرەدا شۆڕگێران شۆڕشیان ڕاگرت و شۆڕش بە هەندێک دەسکەوتی باشەوە لەناوچوو. دواتر لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە زۆربەی خەڵکی ناوچەکە ڕاگوێزکران بۆ کۆمەڵگای زۆرە ملێ (ئۆردوگا)، و گوێزرانەوە بۆ باشووری عێراق و تا چەند ساڵێک لەوێ نیشتەجێکران بۆ کپکردنەوەی شۆڕش بە هەموو جۆرێک(٣٧).

- بەشداریکردنی شارۆچکەی باوەنوور لە خەباتی سەردەمی شاخ(گولان)

دوای لەناوبردنی شۆڕشی ئەیلوول بە دوو ساڵ شۆڕشی گولان دەستی پێکرد و بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد لەبەر ڕاگواستنی خەڵکی ناوچەی باوەنوور ڕۆڵێکی ئەووتۆیان نەبینی لەم شۆڕشەدا. دوای ئەمانە شێوە خەباتێکی تر دەستی پێکرد کە ناسرا بە خەباتی (سەردەمی شاخ) کە دەتوانین بڵێین لە ساڵی ١٩٧٩ دەستی پێکرد، ئەمەیش وەک شۆڕشی ئەیلوول و هەموو شۆڕشەکانی تر چیایان کردە مەڵبەندی سەرەکی خۆیان(٣٨).

سەرەڕای بەشداریکردنی هەموو حیزبەکان بەڵام دەتوانین بڵێین حیزبی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ناوچەکەدا سەرەکی ترین حزبی سەردەمی شاخ بوو لە گەرمیان، و هەروەک شۆڕشی ئەیلوول سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی ناوچەکەی گرتەوە، وە هەروەها ڕۆڵی گووندنشینەکان وەک شۆڕشەکانی تر سەرەکیترین ڕۆڵ بوو کە هەمیشە هاوکاری برا شۆڕشگێرەکانیان بوون. سەکووتکردنی شۆڕشی ئەیلوول و گولان هەوێنی سەرهەڵدانی خەباتی شاخ بوو(٣٩).

سەرەڕای دەسەڵاتی ستەمکارانەی حیزبی بەعس لەو سەردەمەدا کە ڕۆژانە گەنجی کوردی بە گومانی کاری سیاسی دەگرت و دەدرایە بەر ئازار و ئەشکەنجە و لە دوایدا ئەگەر تاوانەکەی لە ئەستۆ بگرتایە حوکمی سێدارەی بەسەردا دەسەپێنرا و شەهید دەکرا، ئەمە سەرەڕای ئەو

ژیانە ناخۆشەی کە دەسەلاتی عێراقی بۆ کوردی درووست کردبوو، و هەموو ئەم هۆکارانە و چەند هۆکارێکی تر هۆکاری ئەم جولانەوەیە بوو(٤٠).

- لایەنی بەرێوەبردن و هاوکاری شۆرش

لایەنی بەرێوەبردنی ئەم سەرهەلدانە تا سالی ١٩٨٣ دیار نەبوو لەبەرئەوەی ژمارەی پێشمەرگەکانی ئەم ناوچەیە کەم بوون و بەشێوەیەکی گەرۆک کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدا، واتە سەنگەریان گەرۆک بوو و بەسەر چیاکاندا دەرۆشتن و هەر شەوێک لە گوندێک دەمانەوە و رۆژی دواتر ئەوێیان جێدەهێشت. تا سالی ١٩٨٣ ژمارەیان زیادی کردوو ئەوکات نەیاندەتوانی گەرۆک بن بۆیە لە چیاکان بارەگایان درووستکرد و سیستەمی شۆرشی چەکداریان رێکخست(٤١).

لایەنی ئابووریشیان بە هەمان شێوەی شۆرشی ئەیلوول، خۆبەخشانە بە بێ هیچ مووچەیەکی رەسمی کاری شۆرشگێرانەی خۆیان بەردەوام دەکرد و وەک شۆرشەکانی تر ئازووقە و خواردن و جێگای نووستنیان لەسەر حیسابی گوندنشینەکان بوو، کە دەتوانین بلێین گووندنشینەکان هۆکاری بەردەوامی ئەم جولانەوەیە بوون. چەک و کەرەستەی جەنگیشیان لە ئەنجامی ئەو هێرشە لەناکاوانەی کە شەوان دەیانکردە سەر بارەگاکانی دەسەلات دەستیان دەکەوت، کە هەمیشە بە شەو هێرشیان دەکرد و بە رۆژ لە چیا دەمانەوە، و بەهۆی هێرشی شەوانەیانەوە لەلایەن دەسەلاتی عێراقیەوە پێیان دەگوترا (شەمشەمە کوێرە)(٤٢).

## - رۆلی ژن لەسەردەمی شاخ

رۆلی ژن لە هەموو بزاڤە کوردیەکاندا چ بەشێوەیەکی راستەخۆ یان ناراستەوخۆ بە روونی دیارە. لە جولانەوەی سەردەمی شاخ بە شێوەیەکی راستەوخۆ ژنان شان بە شانی پیاو لە سەنگەری شۆرش بوون، جگە لەوەی ئەرکی هەموو پێشمەرگەکان لە رووی دابین کردنی خواردن و پاککردنەوە لەسەر ژنان بوو بە شێوەی راستەوخۆش لەناو جولانەوەکەدا هەبوو، کە لێرەدا ئاماژە بەچەند ژنێکی ناوچەکەدەکەین، (فاتیمەی خیزانی حاجی علی و سەبریەی خێزانی حسێن محمود..هتد) کە رۆلێکی باشیان لەم شۆرشە بینی، و ئەوەی وایکرد کە ژن راستەوخۆ رۆلی هەبیت رژێمی دەسەلاتی عێراق بوو، چونکە خێزانی ئەوانەی کە لە شاخ بوون زۆر ئازار دەدران و دەچەوسانەوە لە لایەن رژێمەوە و وایان لەو خێزانانە دەکرد کە شار بە جێبهێلن و بەرەو شاخ بکەونە رێ، و لە شاخیشدا هاوشانی پیاوەکانیان لە سەنگەرەکانی شەردا دەجەنگان کە ئەمەش تایبەتمەندیەکی دابووە خەباتی سەردەمی شاخ(٤٣).

## • راپەرین لە باوەنوور

لەو سەردەمەدا و بەتایبەت لە کۆتایی هەشتاکاندا چەند رووداوێکی گەورە روویدا کە بووەهۆی سەرهەلدانی راپەرینی گەورەی کوردستان لە سالی ١٩٩١ کە سەرەتا لە رانیە لە ٥ی ئازاری ١٩٩١ سەری هەلدا و ئێستاش لە دیدی خەلکی ناوچەکەوە چەند هۆکارێکی سەرهەلدانی ئەم راپەرینە دەخەینە روو کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١_ زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی کورد لە لایەن دەسەڵاتی عێراقیەوە.
٢_ ئەنفال کردنی نزیکەی (١٨٢) هەزار کوردی بێتاوان لە ١٤/٤/١٩٨٨ کە تەزووی ڕاپەرینی خستە دڵی هەموو کوردێکەوە(٤٤).
٣_ کیمایی باران کردنی شاری هەڵەبجە لە ١٦/٣/١٩٨٨ کە نزیکەی (٥ هەزار) منداڵ و گەنج و پیری ناوچەکەی شەهید کرد.
٤_ زاڵکردنی زمانی عەرەبی بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە کە دواتر بە (تەعریب) ناسرا.
٥_ گرتنی خەڵکی ناوچەکە بە تاوانی کاری سیاسی و زیندانی کردنیان لە ناخۆشترین زیندانەکانی عێراق بەتایبەتی (ئەبو غرێب)(٤٥).
٦_ دامەزراندنی کەسانی بەعسی لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان.
٧_ لاوازبوونی دەسەڵاتی عێراقی بەهۆی شەڕە یەک لەدوای یەکەکانیەوە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بەتایبەتی ئێران و کوێت.
٨_ وەرگرتنی سەربازی زۆرەملێ کە لاوانی کوردیشی بە زۆر دەبرد بۆ ناوچە دوورەکانی عێراق بۆ کاری سەربازی(٤٦).

دەتوانین بڵێین زۆربەی ناوچەکانی گەرمیان لە ٩/٣/١٩٩١ ڕاپەرینیان دژی ڕژێمی لەناوچووی بەعس کرد. لەو سەردەمەدا بەرپرسی بەرەی کوردستانی لە گەرمیان لە لایەن (فەرەیدون عەبدولقادر)ەوە سەرپەرشتی دەکرا، و بە خۆئامادەکردنێکی پێش وەخت بەتایبەت دوای ڕاپەرینی ڕانیە و سلێمانی، بروسکە درا بە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی ناوچەی گەرمیان کە ڕۆژی (٩ی ئازار) بکەن بە ڕۆژی ئازادی و ڕاپەرین، ناوچەکەیان پاک بکەنەوە لە هەموو شێوە دەسەڵاتێکی بەعس. ئەوە بوو لە ٩ی ئازاری ١٩٩١ هەموو چین و توێژەکانی گەرمیان ڕژانە سەر شەقام و بە دەنگێکی بەرز هاواری (دەرچوو دەرچوو)یان لە حکومەتی عێراقی کرد و هاتنە خوارەوەی پێشمەرگەکان ترسی خستە دڵی دوژمن و خەڵک و پێشمەرگە بە هاوکاری یەک ئەم ناوچەیان لە ژێر دەسەڵاتی بەعس پاک کردەوە(٤٧).

## ـ سەرهەڵدان لە باوەنوور

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا بەرپرسی بەرەی کوردستانی ناوچەی گەرمیان لە لایەن (فەرەیدون عەبدولقادر)ەوە سەرپەرشتی دەکرا و پێشمەرگەی ناوچەی باوەنوری دابەش کردبووە سەر سێ ناوچەی جیاوازدا و لە سەنگەری ئامادە باش بوون، دوای ناردنی بروسکەی ڕاپەرین لە لایەن بەرەی کوردستانیەوە لە گەرمیان سێ ناوچەکە خۆیان ئامادە کرد کە لە (٩ ی ئازاری ١٩٩١) بڕژێنە ناو شار و، شارەکە لە بوونی دوژمن پاک بکەنەوە، کە ئەو سێ ناوچەیەش ئەمانە بوون ، ناوچەی یەکەم: لە گوندی خوڕ خوڕ بوو لە ڕووخی ئەو بەری ڕووباری سیروان کە لە لایەن (شەهید هاپۆ) وە سەرکردایەتی دەکرا، ناوچەی دووەم: سنووری گوندی (گەلالکەوە) بوو و دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای شارەکە و لە لایەن (حەمە پاریاوڵەیی)ـەوە سەرکردایەتی دەکرا، و

ناوچەی سێیەم: لە ناوچەی (ڕێگە) بوو کە لە لایەن (مەحموود سەنگاوی و عەدنانی حەمەی مینا)ـوە سەرکردایەتی دەکران(٤٨) .

ئەم سێ ناوچەیە لە ڕۆژی دیاری کراوەوە واتە لە (٩ ی ئازار) لە شاخەوە بەرەو خوارەوە هاتن و هەرچی بارەگای دەرەوەی شار بوو تێکیان شکاند و شکستیان بە دوژمن هێنا و ئەوەی مابووەوە بارەگای سەرەکی دوژمن بوو لە ناو شار، و کە دوژمن زانی زۆربەی ناوچەکانی ئازاد کراون بە زووترین کات بارەگای سەرەکی شارەکەیان جێهێشت و گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان. بەم شێوەیە شارۆچکەی باوەنوور بە بێ بەرگریکردنی دوژمن کەوتە دەستی شۆڕشگێڕان(٤٩).

## ئەنجام

دوای هەموو لێکۆڵینەوەیەک هەندێ ئەنجام دەردەکەوێت، و لە دوای ئەم توێژینەوەش هەندێ ئەنجامی گرنگ دەرکەوتن، کە لێرەدا ئاماژە بەگرنگترینیان دەکرێت :

١ـ لە ساڵانی (١٩١٠ـ١٩٢٠) شارۆچکەی باوەنوور وەک گوندێک لەلایەن دوو بنەماڵەی گەورەی ئەم شارۆچکەیەوە دروستکراوە، کە ئێستاش ئەو دوو بنەماڵەیە هەر لە باوەنوور دەژین.

٢ـ لەساڵی ١٩٣٧ لەلایەن دەسەڵاتی عێراقیەوە ئەم شارۆچکەیە کراوە بە یەکەیەکی سەربەخۆ و وەک شارۆچکە لەقەڵەم دراوە، تا ساڵی ٢٠٠٣ لەڕوی بەڕێوبەرایەتیەوە فراوان بوو، تا دامەزراندنی شارۆچکەیەکی تر لەسەر حسابی ئەم شارۆچکەیە، ئەویش شارۆچکەی (شێخ تەویل)ە، لەبەرئەوە شارۆچکەی باوەنوور لەرووی بەڕێوبەرایەتیەوە بچووکتر بووەوە.

٣ـ لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١ خەڵکی ئەم شارۆچکەیە پێشوازیان لەم شۆڕشە کردوو ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ئەم ناوچەیە بەشدارییان تێداکرد.

٤ـ جیابوونەوەی بەرەی (جەلالیەکان) لە شورشی ئەیلول لەساڵی ١٩٦٣ کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لەسەر لاوازبوونی شۆڕشەکە، بەتایبەت دوای ساڵی ١٩٦٦ کەچوونە پاڵ حکومەتی عێراقی و دژی ئەم شۆڕشە ڕاوەستان.

٥ـ بەستنی ڕێکەوتن نامەی جەزائیر لەساڵی ١٩٧٥ هۆکاری سەرەکی تواندنەوەی شۆڕشی ئەیلول بوو، شۆڕشگێڕانیان ناچار کرد کە لەساڵی ١٩٧٦ کوتایی بە شۆڕش بێنن و چیا بەجێبهێڵن و بچنەوە ماڵی خۆیان.

٦ـ دوای لە نسکوی شۆڕش خەلکی ناوچەکە ڕاگوێز کران بۆکۆمەڵگای زۆرەملی لە باشوری عێراق.

٧ـ زۆربوون ئەو کەڵە پیاوانەی کە لەپێناو کوردایەتی دا بەشێک لە ماڵ و گیانی خۆیان بەختکرد، (بەڵام ئێستا هیچ ئاورێکیان لێنادرێتەوە!!).

٨ـ دەرکەوتنی خاڵی گرنگتر ئەو مەزارگەیە بو کەناوی باوەنوری لێوە هاتووە کە لەلایەن هەندێک لە بەتەمەنەکانی ئەم شارۆچکەیەوە ڕۆژانی هەینی دەچن بۆ زیارەت کردنی، لەم لێکۆڵنەوەیەوە دەرکەوت کە ئەو کەسایەتیەکی ئاینی (ئەهلی حەقە) واتە ئاینی (کاکەی) و هیچ پەیوەندیەکی بە ئاینی ئیسلامەوە نیە.

## ژێدەر و پەراوێز :


(١) نامدار محمد علی،ناحیەی پێباز(باوەنور)،چاپخانەی چوارچرا،چ١ ،(سلێمانی: ٢٠١٠)،ل ٢٧ .

(٢)کاوە محمد عبدالقادر،پێگەی ناحیەی پێباز،گۆڤاری کەلار،ژمارە(٣)،(کەلار:تەموزی ٢٠٠٤)،ل٢٣ .

(٣)دەرباز محمد،کەلار لە لادێوە بۆ شار،بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)،چ١ ،(سلێمانی: ٢٠٠٥)،ل ٢٧ .

(٤)کۆمەڵێک نووسەر،جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق،چ٢ ،(سلێمانی: ٢٠٠٠)،ل ٣٠ .

(٥) جەزا توفیق،جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،چ١ ،(هەولێر: ١٩٩٨)،ل ١١٧ .

(٦) جاسم محمد علی،رۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لە دابەشبوونی پارێزگای سلێمانی دا،چاپخانەی تیشک،چ١ ،(سلێمانی:٢٠٠٨)،ل ١٤٠ .

(٧) هەورامان کەمال میرزا و عبداللە تاریق رەئوف محمد،ناوچەکانی ململانێ لەنێوان کورد و حکومەتەکانی عێراقدا،دەزگای چاپ و پەخشی مەحموود،چ١ ،(سلێمانی:٢٠٠٨)،ل ٧٨ .

(٨) بە پشتبەستن بە هۆبەی کشتوکاڵی پێباز،داتای بڵاونەکراوە،ساڵی ٢٠٠٩ .

(٩) حسن علی بەگ،ناوی باووەنور، رۆژنامەی چرا، ژمارە سفر،٢٠٠٦/٩/١٧،٢٠٠٦،ل ٢ .

(١٠) ئەهلی حق: ئەم ئاینە لە باشووری کوردستاندا بڵاوە، زیاتر بە (کاکەیی) ناسراوە و ئەگەرچی ناوی راستەقینەیان ئەهلی حەقە و لەلایەن هەندێک کەسیشەوە بە (عەلی ئیلاهی) ناسراوە، و پلەی ئاینیان بریتیە لە (سەید، خەلیفە، چاوەرەش، دەروێش، کەلام خوان) و کاروباری ئاینیان بەهۆی پەخشان و زمانی جیاواز (کوردی، دیالێکتی گۆران،فارسی،ئازەری) دەربڕاوە، و تێکستە بە ناوبانگەکەشیان پێی دەڵێن( سەرەنجام).

عەبدوڵا غەفوور،ئەنتۆ دیمۆگرافیای کوردستان،چ١، (سلێمانی : ٢٠٠٠)، ل ٥٢ .

(١١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز ،سەلاح ئەحمەد ناسراو بە (سەلاح پەرلەمان) لە رێکەوتی ٢٠١٠/١٢/٢٦ ، کە لەساڵی ١٩٤٩ لە شاری کەلار لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی ناوەندی هەر لەوێ تەواو کردووە و لە پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی دەرچووە و شارەزایە لە مێژووی ناوچەکە و ئێستا خانەنشین کراوە.

(١٢) نامدار محمد علی،سەرچاوەی پێشوو ،ل ١٨ .

(١٣) سمکۆ بەهروز محمد(ئەژی)،سەردەمە کارگێری و بەرێوەبەرایەتیەکانی پارێزگای کەرکووک،چ١ ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی،(سلێمانی: ٢٠٠٥)،ل ١٧٨ .

(١٤) جمال بابان،الاصول الاسماء المدن و الموقع العراقیە،ت١ ،(بغداد: ١٩٨٩)،ص ٢٥٤ .

(١٥) نامدار عەلی محمد ،سەرچاوەی پێشوو ،ل ١٨ .

(١٦) جاسم محمد عەلی،سەرچاوەی پێشوو ،ل ٣٠ .

(١٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز(سالار کەمال مستەفا)، لەرێکەوتی٢٠١٠/١٢/٢٨ ، لە ساڵی ١٩٥٣ لە شارۆچکەی باوەنوور لەدایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەم شارۆچکەیە تەواو

کردووە و بووەتە کارمەند لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی باوەنوور، و ئێستا خانەنشین کراوە.
(١٨) نامدار محەمەد عەلی،سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٠.
(١٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (ڕەنجە باوەنووری)، لە ڕێکەوتی٢٠١١/٣/١١، کە لەساڵی ١٩٦٥ لە شارۆچکەی باوەنوور لە دایک بووە و هەر لەوێش خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە و ئێستا هەردوو چاوی لەدەست داوە و کارمەندی پەرتووکخانەی باوەنوورە لەگەڵ خێزانەکەیدا.
(٢٠) سمکۆ بەهرۆز(ئەژی)، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٧٥.
(٢١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (ڕەنجە باوەنووری)، لە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/١١.
(٢٢) دەرباز محەمەد،سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٥.
(٢٣) محەمەد مەهدی دەفتەر و عەبدوڵا حسێن،سەرچاوەی پێشوو،ل ٦٢.
(٢٤) فاتیح عەبدوڵا شوانی،پارێزگای کەرکووک لە ١٩٥٧_١٩٧٧،چ١،(سلێمانی:٢٠٠٥)،ل ٧١.
(٢٥) نامدار عەلی محەمەد،سەرچاوەی پێشوو،ل ٢١.
(٢٦) سمکۆ بەهروز(ئەژی)، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٩.
(٢٧) نامدار محەمەد عەلی،سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.
(٢٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (فەتاح ئەحمەد سلێمان)،لە ڕێکەوتی ٢٠١٠/١٢/٢٩،کە لە ساڵی ١٩٤٦ لە دایک بووە و لەساڵی ١٩٦٥ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە و تا ساڵی ١٩٧٦ کە ڕاگوێزران بۆ باشووری عێراق بەردەوام بوو، و ئێستا لە باوەنوور دەژی و خانەنشین کراوە.
(٢٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(عەبدولڕەحمان دەروێش فەتاح)، لە ڕێکەوتی ٢٠١٠/١٢/٢٧،کە لە ساڵی ١٩٣٧ لە دایک بووە و پلەی خوێندنی تا پۆلی شەشەمی سەرەتایە و لە ساڵی ١٩٥٩ چووەتە ناو ڕیزی پارتی دیموکراتەوە، و لە ساڵی ١٩٦٢ لە بەر کاری سیاسی زیندانی کراوە و بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە و پلەی سەرپەلی پێدراوە و چەند جارێک بریندار کراوە و ئێستا خانەنشینە.
(٣٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(مەحموود محەمەد ناسر)،لە ڕێکەوتی ٢٠١٠/١٢/٢٨،کە لە ساڵی ١٩٤١ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنی پارتیەوە کردووە و بەشداریەکی بەرچاوی هەبووە لە شۆڕشی ئەیلوولدا و پلەی سەربازی سەرپەلی هەبوو و ئێستا خانەنشین کراوە.
(٣١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(محەمەد ئەمین ناسر)،لە ڕێکەوتی ٢٠١٠/١٢/٢٥،کە لە ساڵی ١٩٤٦ لە دایک بووە و تا شەشەمی سەرەتایی خوێندووە و لە ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە کردووە و ئێستا خانەنشین کراوە و لە ماڵەوەیە.
(٣٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(عەبدولڕەحمان دەروێش فەتاح)،لە ڕێکەوتی ٢٠١٠/١٢/٢٨.
(٣٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(فەتاح ئەحمەد سلێمان)، لەڕێکەوتی ٢٠١٠/١٢/٢٩.
(٣٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(محەمەد سەعید محەمەد)،لە ڕێکەوتی ٢٠١٠/١٢/٣٠، کە لە ساڵی ١٩٤٤ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٦٤ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە کردووە و تا پۆلی یەکەمی ناوەندی خوێندووە، و تا ساڵی ١٩٧٦ بەردەوام بووە لەگەڵ شۆڕشدا و ئێستا لەسەر فەرمانگەی شارەوانی باوەنوور خانەنشینە.
(٣٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (مەحموود محەمەد ناسر)، لە ڕێکەوتی ٢٠١٠/١٢/٢٨.
(٣٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(عەبدولڕەحمان دەروێش فەتاح)،لە ڕێکەوتی ٢٠١٠/١٢/٢٧.

(٣٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(محەمەد سەعید محەمەد)،لە ڕێکەوتی ٢٠١٠/١٢/٣٠.
(٣٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(برایم ئەحمەد دەروێش)،لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٣/١١،کە لە ساڵی ١٩٥٧ لەدایک بووە و تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندووە و لە ساڵی ١٩٧٩ بەشداری لە جوڵانەوەی سەردەمی شاخ کردووە و ڕۆڵێکی گەورەی لەم پرۆسە ئازادیخوازە بینی و ئێستا بە پلەی سەربازی لیوا خانەنشین کراوە.
(٣٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(کەریم سۆفی کاکە)، لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٣/١٣، کە لە ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی (هاجیلەر) لە دایک بووە و ساڵی ١٩٧٩ بەشداری ڕیزەکانی جوڵانەوەی سەردەمی شاخی کردووە و سەرەتای هەشتاکان زیندانی سیاسی کراوە لە بەندیخانەی (ئەبو غرێب) و ئێستا بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە.
(٤٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(ساڵەح محەمەد ڕەشید)،لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٣/٢٠،کە لە ساڵی ١٩٥١ لەدایک بووە و ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕیزەکانی جوڵانەوەی سەردەمی شاخ کردووە و هیچ پلەیەکی خوێندنی نیە و ئێستا خانەنشین کراوە و لە ماڵەوەیە.
(٤١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(ساڵەح محەمەد ئەحمەد)،لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٣/٢٢.
(٤٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(برایم ئەحمەد دەروێش)،لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٣/١١.
(٤٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(قادر عەلی محەمەد)،لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٣/١٥، کە لە ساڵی ١٩٥٠ لە دایک بووە و خوێندەواری نیە ولە ساڵی ١٩٨٠ بەشداری لە ڕیزەکانی خەباتی شاخ کردووە و ڕۆڵی خۆا تێد بینیووە و ئێستاش خانەنشین کراوە.
(٤٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (ساڵح محەمەد ڕەشید)،لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٣/٢٢.
(٤٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (ئیبراهیم ئەحمەد دەروێش)،لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٣/٢٣.
(٤٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەلی ئەحمەد دەروێش)،لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٣/١٩، کە لە ساڵی ١٩٦٩ لە دایک بووە و ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە ڕیزەکانی خەباتی سەردەمی شاخەوە کردووە و ئێستا پلەی مەلازمی هەیە و لە بەڕێوەبەرایەتی فریاکەوتنی گەرمیان کار دەکات.
(٤٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (عەلی ئەحمەد دەروێش)، لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٣/١٩.
(٤٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (ساڵەح محەمەد ڕەشید)، لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٣/٢٢.
(٤٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (ئیبراهیم ئەحمەد دەروێش)،لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٣/٢٣.